سیمپۆزیەمی ئەنفال و کەینونەی کورد

دکتۆر بورهان یاسین:

ئەوەی کە جینۆساید لە ڕووداو و تراژیدیایەکانی دیکە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە جینۆساید پرۆسەیەو پلانی بۆ داندراوە

لایەنێک لە ئامادەبووانی سیمپۆزیەمی ئەنفال لە هەولێر

ڕاپۆرت/ بەرهەم شیخ عزەدین

ئەنفال ئەو کارەساتە جەرگبڕ و ناخۆشەی بەسەر گەلی کوردا هاتوو کۆمەڵێکی زۆر لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمانی لەناوبرد دواجار ئەو ڕووداوە، وەکو جینۆساید ناسێندراو کار بۆ لەسێدارە دانی سەرانی ئەو ڕژێمەی ئەو ڕووداوەی دروستکرد. ئەم بیرەوەریە ناخۆشە بەزۆر شێوە لە ناو کۆمەڵگای کوردستان یاد دەکرێتەوە باسی لێ دەکرێت، دواجار (خانەی حیکمەت بەهاوکاری وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال کراوەکان)

سیمپۆزێکی لەژێر ناوی (ئەنفال و کەینونەی کورد: بیرکردنەوە لەڕووداوێک کە بیرکردنەوەی ئەستەمە) بۆ ماوەی 2 ڕۆژ ڕێکخست کە چەندین باسی گرنگی تیا و وروژێندرا لە دانیشتنی یەکەم ڕۆژی 2008/10/13 بەڕێز (د.بورهان یاسین)بابەتی خۆی لە ژێرناوی جینۆساید وەکو پرۆسە: بەراوردێک لەنێوان جینۆسایدی ئەرمەن و هۆلۆکست و ئەنفال پێشکەش کرد.

دکتۆر بورهان یاسین لەکاتی پێشکەشکردنی بابەتەکەیدا

سەرەتا د.بورهان گوتی: بابەتەکەم لەژێر ناونیشانی بەراوردێک لەنێوان ئەنفال و جینۆ سایدی ئەرمەن و جوەکان یان هۆلۆ کۆست، کە چۆن ئەوە بەراورد دەکەین؟ یان بۆ بیکەین؟

بەراورد

دەربارەی چۆن ئەو بەراوردە بکەین کۆمەڵێک بیرۆکە و هەروەها کۆمەڵێک تیۆر و میتۆدی لێ کۆڵینەوە هەیە ئەو میتۆدەی لێکۆڵینەوەیە دەتوانێت لەکاتی لێ کۆڵینەوەدا پێمان بلێت، جیاوازی و لێکچۆن لەنێوان ئەو سی حاڵەتی ئەنفال و جینۆسایدەدا چییە؟ هەڵبەتە بۆ ئەوەی ئێمە بەراوردەکە بکەین دەبێ کۆمەڵێک بابەت بورووژێنین و ئەو بابەتانە بخەینە ناو قالبی باسەوە. ئە و بەراوردە دەکرێ 2 ئامانجی هەبێت. کە ئەمە بەلای من گرنگە کە دەبێ بەراوردەکە ئامانجی سیاسی و ئامانجی ئەکادیمی هەبێ

ئامانجی ئەکادیمی

لەئامانجی ئەکادیمیدا دیمەن بەراورد لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی بێت یان مێژوویی بێت یان سیاسی بێت یان هەر بوارێکی دیکەیی مرۆی بێت، بەروارد یەکێکە لە میتۆدە گرینگەکان کە دەکرێ لەڕاستیدا بمانگەیەنێتە کۆمەڵێک ئەنجام کە بەبێ بەراورد نەمان دەزانی ئەو ئامانجانە بەدەست بهێنین ئەمە لەڕووی ئەکادیمەوە

ئامانجی سیاسیی

لەڕووی سیاسیشەوە بە بۆچوونی من دەکرێ ئەو بەراورد کردنە دەکرێ دەرگاکانی ئەنفال جینۆساید کردنی کورد والابکرێ بەرەو جینۆ سایدەکانی دیکە بەو مانایە ئەوانەی کە لەبواری سیاسیدا چالاکن و دەخوازن بانگەشەو بەرگری بکەن لەمافی ئەوانەی ئەنفالکراون سود وەربگرن لەو دوو ئەزموونەی دیکە، کەواتە ئەو بەراوردە لەڕووی ئەکادیمی لەڕووی سیاسیەوە، دەکرێ کۆمەڵێک قازانجی هەبێت.

یادەوەری بەکۆمەڵ و مێژوو

لەم بارەیەوە لەدرێژەی باسەکەی خۆیدا د.بورهان بەم جۆرە دوا:

بەڕاستی ئەم باسەش گرنگە ئەویش چونکە هەر ڕووداوێک لەمێژووی نەتەوەیەکدا دەتوانێت دوو شکڵ وەربگرێت شکڵێک ئەوەیە کە هەندێک ڕوودا و هەن دەکرێ خاڵی گەش بن خاڵی وە پێشچوون بن خاڵی دڵخۆش کەربن لەمێژووی نەتەوەیەکدا. بەڵام هەندێ خاڵی دیکە هەن هی تراژیدیان ڕۆژانی ڕەشن کە بەسەر ئەوە نەتەوەیە داهاتوون لە یادەوەری بە کۆمەڵی ئەو نەتەوەیەدا هەردوو ڕووداو گرنگن، ڕاگرتنی هەردوو ڕووداو بەزیندووی نەک هەرخاڵە گەشەکان و خۆشەکان بەڵکو خاڵە تراژیدیا و ڕەشەکانیش ڕاگرتنیان بەشێوەیەکی زیندوو، وە هەروەها لە ڕێگای بەزیندوو ڕاگرتنی ئەو ڕووداوانەی لە مێژووی رابردوودا ڕوویان داوە دەکرێ ئێمە لەبواری کاری سیاسیدا سود یان لێ وەربگرین وە هەروەها لە دامەزراندنی تەسەورێک بەرانبەر بەداهاتوو سودیان لێ وەربگرین. لەڕاستیدا یادەوەری بەکۆمەڵ وە هەروەها مێژوو زەخیرەیەکن بۆ سیاسەت زۆر گرنگن وە هەروەها زەخیرە یەکن بۆ ئەوانەی کەکار دەکەن بۆ دانانی تەسەورێک بۆ ئایندەی نەتەوە یەک گرنگە بگەڕێتەوە بۆ یادەوەری بە کۆمەڵ و ئەو مێژووە.

مۆدێل یان میتۆدی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەنفال

کۆرگێر لە باسەکەی دا بەم جۆرە درێژەی بە باسەکەیدا و شرۆڤەی کرد..

دەوڵەت

ئێمە لەنێوان بەراوردێکدا لەنێوان جینۆسایدەکاندا لەو بابەتانەی کەنوسراون لە ڕووی ئەکادیمیاوە هەندێکیان جەختیان کردۆتەوە لەسەر ڕۆڵی دەوڵەت لەجینۆسایدا دەوڵەت و دامەزراوەکانی، دەوڵەتی و دەسەلاتەکانی دەوڵەت و کێشەکانی، ئەو کێشانە سەر دەدەن لەوەی کە لەڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵک ئەو کۆمەڵە خەڵکە دەبنە ئامانجی دامەزراوەکانی دەوڵەت بە ناوبردنیاندا، پرۆژەی دەوڵەت مەسەلەیەکی گرنگە.

ئایدۆلۆژیا

ئایدۆلۆژیا مەسەلەیەکی زۆر گرنگە لە جینۆسایدا هەم بۆڕێخۆشکرن بۆ جینۆساید و هەروەها بۆ شۆردنەوەی عەقڵی یان زەهنیەتی جەلا دەکان وە ئامادەکردنیان بۆ ئەوەی گوناهی جینۆ ساید بکەن ئایدەلۆژیا دەتوانێ زۆر ڕۆڵ و دەوری هەبێت

سەرکردە

ئەو مۆدێلە تیۆرییەی بەلای منەوەکە دەتوانێت بمانگەیە نێتە ئامانج لە لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئەنفال گرێدانی (ئایدۆلۆژیا، سەرکردە و، دەوڵەتە) بەیەکەوە، دەوڵەت، دەوڵەتی ئێراقە، لەدەوڵەتی ئێراقدا کێشەی کورد تەنها لەسەردەمی بەعس نەبووە بەڵکو لە دروست بوونی دەوڵەتی ئێراق کێشەیەک دروست بو بەناوی کێشەی کورد، لە ئەنجامی پەراوێزکردنی کورد وە هەروەها گرێدانی کورد بە پرۆژەی دەوڵەتی عەرەبی، ئەوەشی لەلایەن کورد ڕەت دەکرێتەوە، بنەمای دروست بوونی کێشەی کورد لەساڵی 1968 دەست پێ ناکات. وە لە فەترەی بەعسیشەوە دەست پێ ناکات بەڵکو لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی ئێراقەوە دەست پێ دەکات. ئەوی دیکە ئایدلۆژیایە ئایدلۆژیای بەعسە لەڕاستیدا بەکارهێنانی ئایدلۆژیای بەعس بۆ ڕەتکردنەوەی ئەوی دیکە، هەروەها مووماڕەسەکردنی ئەو لەناوبردنە. یان موومکین کردنی لەناوبردنی ئەویدیکە..

ئەویدیکەش سەرکردە(سەدام حسێن) کە دەتوانین لە 1979 وە تا 2003 سەردەمی حوکمی (سەدام) ئەتوانین بڵێین فەترەیەکی زۆرناخۆشە لە مێژووی ئێراقدا، نەک بەتەنها لە مێژووی ئێراق بەڵکو لە مێژووی حکومی بەعسیشدا چونکە لە 79 ئێراق خرایە ناو کۆمەڵێک ڕووداو.

تیۆری raul hildberg

لەم باسەدا ئەوەی کە پێویستە بێتە گۆڕی لەبەراورد کردنی ئەوسێ جۆرەی جینۆسایدە(تیۆرییەکەی (راوڵ هێل بێرگەم) (راوڵ هێل بێرگ) تیورێکی زۆر گەورەی هەیە کە بۆتە عالەمی لەمەسەلەی لێکۆڵینەوەی جینۆساید کە ئەویش دەڵێت جینۆساید بە سێ قۆناغدا تێ دەپەڕێت.

قۆناغی یەکەم/ دەستنیشانکردنی قوربانییەکان ئینجا ئەو دەستنیشانکردنە بە شێوەی زمان بێت یان ئاین یان کۆمەڵ یان جوگرافیا بێت، لە شێوەی لەناوبردنی ئەو کۆمەڵەیە بێت بە هەر شێوەیەک بێت..

قۆناغی دووەم/ کۆکردنەوە و فشارهێنان بۆ کۆکردنەوەی خەڵکانی دەستنیشانکراو.

قۆناغی سێهەم/ لەناوبردن بەهەر شێوەیەک بێت.

بە بۆچوونی من دەبێ ئەو مۆدێلی راوڵ هێل بێرگە تەواوبکرێت بەشێکی دیکە کە زۆر گرنگە کە لەناو جینۆسایدا ڕووئەدات ئەویش ڕووت کردنەوەی قوربانییەکان لە سیفەتی ئینسانی بۆ بە هیچکردنی ئەو مرۆڤانە وە بۆ ئەو پرۆسەیەش زۆر میتۆد بەکارهاتووە لەکاتی جودا جودا لە سێ حاڵەتی کەمن بەراوردم پێ کردووە دیارە ئەو شێوە خیتابە دووبارە بۆتەوە، بەوەی کە کورد خزێندراوەتەوە ناو قاڵبی هەڕەشەکردن لە دەوڵەتی ئێراق وە ئەرمەن خزێندراوەتە ناو قاڵبی هەڕەشەکردن لەدەوڵەتی عوسمانی وە هەروەها جو بەهەڕەشە خزێندراوەتەوە لەناو دەوڵەتی ئەڵمانی وە هەرسێکیان بەسراونەتەوە بە 3 پیلانی دژی ئەوسێ دەوڵەتەو کورد بە پیلانی ئێران و لەناوبردنی بەعس و دەوڵەت لەو سەردەمەدا. ئەرمەن بەسراوەتەوە بەڕووسیا و هەڕەشەی ڕووسیا بۆسەر عوسمانیەکان، وە جولەکەش بەسراونەتەوە بەپیلانی کۆپێنیزمی نێو دەوڵەتی و هەڕەشەی ڕووسیا بۆ سەر دەوڵەتی ئەڵمانیا ئەو شێوەی ڕووتکردنەوەی مرۆڤەکان لە مانا ئینسانیەکەی لە پرۆسەی جینۆسایدا زۆرە گرنگە چونکە جەلا دەکان ئامادە دەکات بۆهەرسێ قۆناغی دەستنیشانکردن و کۆکردنەوە و لەناوبردن.

جۆربەندی جینۆساید

دکتۆر بورهان درێژەی بە شرۆڤەی باسەکەی داو جۆر بەندی کردنی جینۆسایدا گوتی: جۆربەندی جینۆساید باسێکی زۆری لەسەرە لە لێکۆڵینەوەکاندا، کە ئایە جینۆسایدی کورد دەکەوێتە کام جۆر لەو جۆرانەی جینۆ سایدەکان، ئەو جۆرانە پەیوەندی دراوە بە بەکارهێنانی هێز، هێز لەچی پلەیەکدا بەکارهاتووە یان بەکارنەهاتووە، بەبۆچوونی من جۆری پێنجەمیان لەجۆری جینۆسایدکە جۆری هەرە خوێناوییەکە لە ناوچوونی کۆمەڵێک خەڵک کۆتایی دێت دیارە هی ئەرمەن و هۆلۆکۆست و کورد لەوەی پێنجەمدا خۆی دەبینێتەوە کە ئەو پەڕی هێز بەکاردێت و سەرجەم دامەزراوەکانی هێز دەکەونە خزمەتی لەناوبردنی ئەو کۆمەڵە خەڵکە، بەڵام دیارە پێش ئەوە شت ئەوەزۆر ڕوو دەدات، لە پێشینەی مێژوویدا لە هەرسێ حاڵەتدا ئێمە دەبینین کێشەی کورد کێشەی ئەرمەن کێشەی جولەکە پێشنیەیەکی مێژووی زۆر دوورو درێژی هەیە کەڵەکەبوونی ئەو پێشینەیە دەتوانێ جۆرێک لەجۆرەکان لە خزمەتکردنی پرۆسەی بەجینۆسایدکردنی ئەوکۆمەڵە خەڵکە بێت.کە لە ڕاستیدا ئەو خەڵکە هەڵگری ئەو کێشەیە یان خاوەنیەتی لەدواجار دا بە جینۆسایدو لەناوبردن کۆتایی پێدێت

جینۆساید پرۆسەیە

لەدوا تەوەرەکەیدا دکتۆر بورهان یاسین گوتی: زۆر گرنگە کە ئێمە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ئەوەی کە جینۆساید لە ڕووداو و تراژیدیایەکانی دیکە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە جینۆساید پرۆسەیە، کە دەڵێین پرۆسەیە مەبەست ئەوەیە کە پلانی بۆ داندراوە ئەنقەستەنێتی ئەوانەی ئەو کۆمەڵکوژیە دەیکەن بە نیەتی ئەوەی دەیکەن یان ئەوەتا کۆمەڵەکە هەمووی لەناوبەرن یان ئەوەتا بەشێکی زۆری کۆمەڵە کە لەناوبەرن. وەهەروەها ماوەیەکی دیاریکراوی هەیە وە بڕیارێکی سیاسی لە پشتە شێوەیەکی مەزهەبیە، وەهەروەها دەزگاکانی داپڵۆسین چەکدار هەمووی بەشداری دەبن لەو جینۆ سایدە، وە هەروەها لە پرۆسەی جینۆسادا ئایدۆلۆژیا بە توندی و خەستی ئامادەیە وە بەکاردێت وە بەشێوەی جودا جودا بەکاردێت بۆ ڕەوایی دان بۆ ئامادەکردنی جەلاد لەڕاستیدا ئەوەی مەبەستە لەمەبەستێکی زۆر تاریک و نامرۆییەوە دەیکا بەمەبەستێکی سیاسی ڕەوا.

مەترسییەکانی جگەرەکێشان و مەترسییەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن

د.حەمید ئەلهاشمی

ڕۆژی 31 ئایاری هەموو ساڵێک بە"ڕۆژی جیهانی بۆ نەهێشتنی جگەرە کێشان"دانراوە و ساڵانە ڕێکخراوە حکومی و ناحکومی و دەزگا زانستی و تاکەکان لە سەرانسەری جیهاندا کۆڕ و سیمینار و ڕێورەسمی جۆرا وجۆر ئەنجام دەدەن و خەڵکی لە مەترسییەکانی جگەرە کێشان هۆشیار دەکەنەوە، مەبەستیان ئەوەیە بە هەموو لایەک ئەو دیاردە خراپە بەرەو نەمان ببەن و خەڵکی هان بدەن واز لە جگەرە کێشان بهێنن، چونکە جگەرە کێشان بووەتە ئەو گرفتە تەندروستی و کۆمەڵایەتیەی کە هەڕەشە لە تەندروستی تاک و کۆمەڵگە بەیەکەوە دەکات. ئێستا تووتن لە لیستی ئەو مادە هۆشبەرانە پۆلێن دەکرێت کە بەردەوام کێشانی خەڵکی ئاڵوودەی دەکات.

جگەرە کێشان ساڵانە نزیکەی 4 -5 ملیۆن کەس دەکوژێت و پێشبینی دەکرێت ئەو ژمارەیە لە ساڵی 2020 بگاتە 10 ملیۆن کەس، کە زۆر لە ژمارەی قوربانیانی نەخۆشی ئایدز زیاترە. بۆ نموونە ژمارەی ئەو کەسانەی لە سعودیە جگەرە دەکێشن خۆی لە 6 ملیۆن کەس دەدات کە ساڵانە 20 هەزاریان دەکوژێت، هەروەها ژمارەی ئەو کەسانەی ساڵانە لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی بە هۆی جگەرە کێشانەوە دەمرن دەگاتە 30 هەزار کەس، لە ئەڵمانیا ژمارەی قوربانیانی جگەرە کێشان لە ساڵی 2006 تەنیا 42348 هەزار کەس بوو، کە بێگومان ژمارەیەکی یەکجار گەورەیە، لەبەر ئەوەی ژمارەی دانیشتووانی ئەڵمانیا هەندی و نیوی ژمارەی دانیشتووانی سعودیە دەبێت، بەڵام لە سعودیە مردنی ئەو کەسانەی بەهۆی جگەرە کێشانەوە دەمرن بە شێوەیەکی پزیشکی و فەرمی وەکو ئەڵمانیا ناسەلمێندرێن.کەواتە هیچ پێویست ناکات دووبارە زیانە تەندروستییە زۆرەکانی جگەرە کێشان بژمێرینەوە، چ بۆ ئەو کاسانەی ڕاستەوخۆ دەیکێشن، یان ئەوانەی بە ناچاری و لە ئاکامی کاریگەر بوونیان بە دوکەڵی جگەرە کێشانی چوار دەوریان دەیکێشن، هەرچی زیانە ئابوورییەکانیەتی بەسەر بودجەی تاک و خێزان و کۆمەڵگە بەگشتی لە ژمار نایەت. بۆ نموونە بڕە پارەی خەرجییەکانی سعودیە بۆ چارەکردنی جگەرە کێشان و نەخۆشیانی شێرپەنجە لە ئاکامی جگەرەکێشاندا لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا گەیشتووەتە

لە جۆرەکانی دیکەی قەدەغەکردنی ڕێگەنەدانە بە فرۆشتنی «لەگەڵ مادە کهولییەکان» بۆ ئەو کەسانەی لە خواروی 18 ساڵیدان

30 ملیار ریال، ئەوە لەسەر ئاستی وڵاتدا هەرچی لەسەر ئاستی تاکە، ئەگەر وامان دانا جگەرە کێشێک ڕۆژانە یەک پاکەتی بیست جگەرەیی بکێشێت کە هەمواری زۆربەی ئاڵوودە بووانیەتی، هەروەها نرخی یەک پاکەت جگەرە 3 دۆلار بێت کە هەمواریکی ئاسایی جیهانیە، کەواتە مانگانە 90 دۆلار خەرج دەکات و ساڵانەش دەکاتە 1095 دۆلار لە بودجەی خۆی یان بودجەی خانەوادەکەیدا، بێجگە لەو بڕە پارەیەی لە چارەکردنی زیانەکانی جگەرە کێشان بەسەر خۆی و کۆمەڵگەدا خەرجیان دەکات. بەرپرسیاریەتی نەهێشتنی جگەرەکێشان لە ئەستۆی هەموو دامودەزگا حکومی و مەدەنیەکانە، بەتایبەتی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە بەرپرسیاریەتی ئەو لە هەموویان مەترسیدارترە، لەبەر ئەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە میانی ریکلام کردنی رازاوە بۆ جگەرە دەتوانن وێنەیەکی جوان و سەرنجڕاکێشی جگەرە نیشان بدەن، یان لە میانی نیشاندانی ئەو کارە هونەریانەی کە هەندێ پاڵەوان و ئەستێرەی سینەما و تەلەفزیۆن تیایاندا جگەرە دەکێشن، ئەمەش وا دەکات چینی هەرزەکار و لاوان چاو لە ئەستێرانە بکەن و ڕوو لە جگەرە کێشان بکەن.هەمان ڕۆڵ لەسەر دەزگاکانی تری ڕاگەیاندنی وەکو ڕۆژنامە و سایتەکانی ئینتەرنێت و ئێزگەکانی رادیۆپراکتیزە دەبێت، چونکە ئەوانیش دەتوانن بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ریکلام بۆ جگەرە بکەن و لەبەر چاوی خەڵکی جوانی بکەن. ئێستا لە زۆربەی وڵاتە پیشەسازییەکانی جیهانداجگەرە کێشان لە شوێنە گشتییەکانی وەکو کۆمپانیا و نووسینگە و فەرمانگە فەرمی و نافەرمییەکان و وێستگەکانی گواستنەوەی گشتی و تایبەتدا قەدەغە کراوە، تا چەند ساڵێکی نزیک لە نێو شەمەندەفەر و خواردنگە و زۆربەی شوێنەکانی دیکەدا شوێنی تایبەت بۆ جگەرە کێشان تەرخان کرابوو، بۆ ئەوەی کاریگەری جگەرەکێشانیان بە نەرێنی بەسەر ئامادەبوواندا نەشکێتەوە و لە جگەرە نەکێشان جیا بکرێنەوە، هەروەها زیانەکانی جگەرە کێشان لە یەک شوێن کۆ ببێتەوە، بەڵام ئێستا شتەکە پێشکەوتنی بەخۆوە دیوە و گەیشتووەتە ڕادەی قەدەغەکردنی لەهەموو شوێنەکاندا. لە جۆرەکانی دیکەی قەدەغەکردنی ڕێگەنەدانە بە فرۆشتنی «لەگەڵ مادە کهولییەکان» بۆ ئەو کەسانەی لە خواروی 18 ساڵیدان. ئەو هەڵمەتانە بوونەتە هۆی زیادکردنی هۆشیاریی زۆرینەی خەڵکی، بە ڕادەیەک گەیشتووەتە ئەو حاڵەتەی زۆرجار کەسانێک ببینین لەبەر دەرگای ماڵەکەیان یان ئەو بیانەیەی خانووەکەیانی تیادایە جگەرەکەیان بکێشن و زیانیان بۆ خانەوادەکەیان و دراوسێکانیان نەبێت. پێشتر وا باو بوو جگەرە کێشان مافێکی کەسییە، بەڵام ڕەتکردنەوەی جگەرە کێشانیش مافێکی ڕەوایە و دەبێت یاسا دەستەبەری بکات، واتە مافی خۆمە بە ناچاری و لە ژێر کاریگەری هەڵمژینی دوکەڵی کەسانی ترەوە جگەرە نەکێشم. بەداخەوە تاکو ئێستا هەندێ نەفامی نێو کۆمەڵگەکانمان هەندێ ئەندامانی خێزانەکەیان بە منداڵی ساواشەوە ناچار دەکەن دوکەڵی جگەرەکانی هەڵمژن، ئەو کاتەی لە نێو ماڵەوە جگەرە دەکێشن.کەواتەپێویستیمان بە چەند هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە لە مەترسی و زیانەکانی جگەرە کێشاندا هەیە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش دەبێت بەشداری لەو هەڵمەتانەدا بکەن و چیتر ریکلام بۆ جگەرە نەکەن. چاومان لە ڕێسای یاسایی توندتر هەیە بۆ ئەوەی جگەرە کێشان و زیانەکانی بئاخنین، بە ڕادەیەک بگاتە ئاستی سڕینەوەی ئەو دیمەنانەی کە ئەکتەر تیایاندا جگەرە دەکێشێت، ئەگەر مەبەستی دیمەنەکە نەهێشتنی جگەرە کێشان نەبێت، بێجگە لە لێپرسینەوەی ئەو دەزگایانەی ڕاگەیاندن کە بە شێوەیەک لە شێوەکان ریکلام بۆ جگەرە دەکەن.

و: ڕەمزی میرەکانی

سەرچاوە:
www.elaph.com

ئادەمیش کورد بووە

گەلی کورد بە هەموو توێژەکانیەوە لە هەموو پارچەکانی کوردستان هەستیان پڕ بووە لە کوردایەتی هەمیشە بیری نەتەواتیان هەر لە مێشکدا بووە، باوەڕم وایە کەس نیە لەم نەتەوەیە دوژمنایەتی میللەتی خۆی کردبێت، ئەوەی جاربەجاریش وا بیر دەکرێتەوە کە جۆرێکی ژیان وا دەربخا لایەنێکی تر بە بەرزتر سەیر بکەن ئەوا بڵقی سەر ئاوە و کەفەلوولکەی ژیانە و بە هیچ شێوەیەک لە ڕاستی ناخی هیچ کوردێکا هەڵناقولێت، ئەم میللەتە زۆربەدیندار و ئایین پەروەر ناسراوە و هەمیشە زانای ئایینی وای لێهەڵکەوتووە کە لە هیچ لایەکی جیهانی ئیسلامی نەبووە، ئە وەتا کتێبە ئایینیەکان زۆریان هی مەلاو زانا کوردەکانن کە بە درێژایی مێژوو ئەم کارە پیرۆزەیان کردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا مێژووی گەلەکەیان و کەلەپوور و وێژەی زمانی خۆیان لە بیر نەچووە و هەر جێی بایەخدانی گەورەیان بووە، ئەوەتا ئەم کەلەپیاوانەی میللەتەکەمان باشترین بەڵگەن بۆ ئەم باسە، «مەولەوی و، شێخ مارفی نۆدێی و، نالی و، حاجی قادری کۆیی و، ئەحمەدی خانی و، مەلای جەزیری »و سەدانی تر وەک ئەوان بەپاڵ خزمەتی ئایینەوە خزمەتی داب و نەریت و مێژوو و وێژەی کوردیان کردووە، زۆر جار هەستی کوردایەتی وا لە ناخیان جێگیر بووە کە بۆتە جێگەی نۆکتە و بەمەسەلە هێنانەوە، ئەوەی من لەیادمە و بەخۆم تێیدا بەشدار بووم ڕووداوێک بوو دوای شۆڕشی «14»ی گەلاوێژی ساڵی «958 » بوو، ئەو کاتە من لەهەڕەتی گەنجیدا بووم و لە ئێستگەی بەشی کوردی لە ڕادیۆی بەغدا وەک بێژەر کارم دەکرد، ئیتر کە شۆڕشی «14»ی تەمووز بەرپا بوو هەموو عێراقییەک بووژایەوە و میللەتی کوردیش هەناسەی ئازادی هەڵکێشا و توانی پڕ بە دڵ هەست و نەستی نەتەوەیی خۆی دەربڕێت، ڕۆرژێکیان پۆلیسەکەی بەر دەرگەی ئێستگە هات ووتی تۆیان دەوێ، منیش کە چووم بینیم بەڕێز خوالێخۆشبوو «مامۆستا مەلا موحەمەدی بالیسانی» لەگەڵ یەک دوو هاوڕێی دەیانویست بێنە ئێستگە و ووتا ر بخوێننەوە، منیش فەرمووم لێ کردن و سەرفراز بووم بە داواکەیان و بردمنە ژوورەوە و ووتارەکەی مامۆستام بە ئیجازە داو پێشکەشم کرد، مامۆستای ڕەحمەتی دوای خوێندنەوەی ووتارەکەی هات لەگەڵمان دانیشت و دەستی کرد بەقسەی خۆش خۆش کە هەمووی کوردایەتی لێ دەباری، ئێمەش باش گوێگری بووین، فەرمووی فڵان ناودار کوردە، فلانی دیش هەروا کوردە، ئیتر ناوی زۆر ناوداری جیهانی هێنا بە کۆن و نوێوە، بگرە زۆر زۆر کۆنیش کە هەندێکیان هەر بۆ نوکتە بوون، لەناو ژمارەی ئەو کوردانە فەرمووی رقم مەکەنەوە دەنا دەڵێم «ئادەمیش کوردە» ، گووتمان چۆن مامۆستا ؟ فەرمووی : بەڵێ، کە ئادەم و حەووا لە بەهەشت دەرکران تۆزێک لێک دوور کەوتبوونەوە، حەووا بانگی ئادەمی کرد بۆ ئەوەی بزانێت لەکوێیە بێتەوە لای، ئەویش گوتی «ئادیم»یانی «وادیم» لەبەر ئەوە ناویان نا «ئادەم» منیش گووتم : مامۆستا کەوا بوو ئادەم نەک هەر کوردبووە بەڵکو «خۆشناویش بووە».

مەجید سێگردکانی